# ڕێنووسی کوردی

## پوختەیەک لە ڕێنووسی سەرەتایی


## نووسین و ئامادەکردن: سینا ڕەحیمپوور


### بەشێک لە چالاکییەکانی "وشەی کوردی"


لاپەڕەی ئینستاگرام: http://instagram.com/wiseykurdi

کاناڵی تێلێگرام: https://t.me/wiseykurdi1



ڕێنووسی کوردی

# وانەی یەک: ئەلفبێی زمانی کوردی

## ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی (٣٤) پیتن و بریتین لە:

ئ.ا.ب.پ.ت.ج.چ.ح.خ.د.ر.ڕ.ز.ژ.س.ش.ع.غ.ف.ڤ.ق.ک.گ.ل.ڵ.م.ن.ھ.ە.و.ۆ.وو.ی.ێ

ڕەنگی ڕەش: پیتی نەبزوێن

ڕەنگی سوور: پیتی بزوێن

تێبینی: دەبێ پیتەکان بەو شێوەی سەرەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ ڕیز بکرێن و شوێنەکانیان پاش و پێش نەخرێن.

## ژمارەی دەنگەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی (٣٧) دەنگن و بریتین لە:

ئ.ا.ب.پ.ت.ج.چ.ح.خ.د.ر.ڕ.ز.ژ.س.ش.ع.غ.ف.ڤ.ق.ک.گ.ل.ڵ.م.ن.ھ.ە.و.و.ۆ.وو.ی.ی.ێ.بزرۆکە(کورتەبزوێن)

پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی بە دوو بەشی نەبزوێن و بزوێن دابەش دەکرێن. ژمارەی پیتە نەبزوێنەکان (٢٩) پیت و ژمارەی پیتە بزوێنەکان (٨) پیتن.

### پیتە نەبزوێنەکان بریتین لە:

ئ.ب.پ.ت.ج.چ.ح.خ.د.ر.ڕ.ز.ژ.س.ش.ع.غ.ف.ڤ.ق.ک.گ.ل.ڵ.م.ن.ھ.و.ی

### پیتە بزوێنەکان بریتین لە:

ا.ە.و.ۆ.وو.ی.ێ.بزرۆکە(کورتەبزوێن)

**پێناسەی بزوێن:** بزوێن بەو دەنگانە دەوترێن کە لە کاتی بێژەیاندا، دەم و زار تۆزێک زیاتر دەکرێنەوە و زیاتر دەکێشرێن. بزوێنەکان جووڵە و بزواندن دەخەنە ناو وشەوە.

زمانی کوردی (٨) دانە بزوێنی هەیە بەڵام لە ئەلفبێی ناسراو بە ئارامی تەنیا (٧) دانەیان پیتیان بۆ دانراوە و دەنووسرێن و بزوێنی بزرۆکە تەنیا دەنگێکە و پیتی نییە(**شێوازی نووسینی نییە**).

## بۆچی ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی و ژمارەی دەنگەکان جیاوازییان هەیە؟

وڵام: دوو پیتی (و، ی) لە هەر دوو بەشەکانی نەبزوێن و بزوێندا هەن و ئەم دوو پیتە لە هەندێک شوێندا نەبزوێن و لە هەندێک شوێنی دیکەدا بزوێن، کەواتە لە سیستەمی دەنگەکاندا دوو پیتی (و، ی) هەرکامیان بە دوو دەنگ دەژمێردرێن. بزرۆکە شێوازی نووسینی نییە و تەنیا دەنگێکە و بەو هۆیەوە ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی (٣٤) پیت و ژمارەی دەنگەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی (٣٧) دەنگن.

## ٣٤ پیت + و(نەبزوێن) + ی(نەبزوێن) + بزرۆکە = ٣٧ دەنگ

### شوێنی پیتە نەبزوێنەکان لە بەش(بڕگە)دا:

پیتە نەبزوێنەکان لە پیتی یەکەم و سێیەمی هەر بەشێک یان وشەیەکدا جێ دەگرن و لە هەر بەشێک یان وشەیەکدا یەک یا چەند پیتی نەبزوێن دەنووسرێت.

### شوێنی پیتە بزوێنەکان لە بەش(بڕگە)دا:

پیتە بزوێنەکان لە پیتی دووەمی هەر بەشێک یان وشەیەکدا جێ دەگرن و لە هەر بەشێک تەنیا یەک پیتی بزوێن دەنووسرێت.

تێبینی: بەشێک یان وشەیەک لێرە مەبەست لەوەیە کە وشەیەک، یەک بەش بێت.

بزرۆکە یان کورتەبزوێن: هەشتەمین پیتی بزوێنە کە لە ئەلفبێی ناسراو بە ئارامی پیتی بۆ دانەنراوە و تەنیا دەنگێکە.

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە: نەبزوێن:ن بزوین:ب

خەڵات: وشەی خەڵات دوو بەشە: خە / ڵات

خ ☜ن

ە ☜ب

—

ڵ ☜ن

ا ☜ب

ت ☜ن

ڕۆژهەڵات: وشەی ڕۆژهەڵات سێ بەشە: ڕۆژ / هە / ڵات

ڕ ☜ن

ۆ ☜ب

ژ ☜ن

—

ه ☜ن

ە ☜ب

—

ڵ ☜ن

ا ☜ب

ت ☜ن

بەرژەوەندی: وشەی بەرژەوەندی چوار بەشە: بەر / ژە / وەن / دی

ب ☜ن

ە ☜ب

ر ☜ن

—

وشەی کوردی

ژ ☜ن

ه ☜ب

—

و ☜ن

ه ☜ب

ز ☜ن

—

د ☜ن

ی ☜ب

هاوسەنگ: وشەی هاوسەنگ دوو بەشە: هاو / سەنگ

هـ ☜ن

ا ☜ب

و ☜ن

—

سـ ☜ن

ە ☜ب

ن ☜ن

گ ☜ن

مێشک: وشەی مێشک یەک بەشە: مێشک

مـ ☜ن

ێ ☜ب

شـ ☜ن

ک ☜ن

وشەی کوردی

# وانەی دوو: پیتە بزوێنەکانی (ە) - (ێ) - (ۆ)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی ئەوەیە کە هەموو دەنگەکان بێجگە بزرۆکە پیتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. دەنگە بزوێنەکانی ( ـَ ـِ ـُ ) لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا بە شێوەی سێ پیتی ( ە - ە )، (ێ - ێ - ێ )، ( ۆ ) (سەرە، ژێرە، بۆرە) دەنووسرێن.

## سەرە: ( ە - ە )

بۆ نموونە:

هَژار= هەژار

عَلی= عەلی

مَریوان= مەریوان

## ژێرە: ( ێ - ێ - ێ )

بۆ نموونە:

هیِمن= هێمن

بوِر= بوێر

لِکُلینَوَ= لێکۆڵینەوە

## بۆرە: ( ۆ )

بۆ نموونە:

دُ= دۆ

گُڤار= گۆڤار

تُمار= تۆمار

## شێوازی نووسینی (آ، اِ، اُ) لە زمانی کوردیدا:

لە زمانی کوردیدا پیتی آ هیچکات لە سەرەتای وشەوە نانووسرێت و بۆ نووسینی ئەم پیتە لە دوو پیتی (ئ +ە) کەڵک وەردەگرین.

بۆ نموونە:

آمیر= ئەمیر آحمد= ئەحمەد آوین= ئەوین

لە زمانی کوردیدا پیتی اِ هیچکات لە سەرەتای وشەوە نانووسرێت و بۆ نووسینی ئەم پیتە لە دوو پیتی (ئ +ێ) کەڵک وەردەگرین.

بۆ نموونە:

اِعدام= ئێعدام اِحسان= ئێحسان اِلهام= ئێلهام

لە زمانی کوردیدا پیتی اُ هیچکات لە سەرەتای وشەوە نانووسرێت و بۆ نووسینی ئەم پیتە لە دوو پیتی (ئ +ۆ) کەڵک وەردەگرین.

بۆ نموونە:

اُردُن= ئۆردۆن اُرگان= ئۆرگان اُتریش= ئۆتریش

وشەی کوردی

**پیتی (ـە - ە):** پیتێکی بزوێنە و لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەکاندا دەنووسرێت.

بۆ نموونە:

سەقز، مەریوان، گیانبەخت، مەهاباد، ساویلکە

بانە شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەگەڵ شاری سلێمانیی باشووری کوردستان هاوسنوورە.

**پیتی (ێ - ـێ - ێ):** پیتێکی بزوێنە و لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەکاندا دەنووسرێت.

بۆ نموونە:

هێمن، بوێر، لێوار، ئێوارە، لەوێ

هاوڕێ خوێندکاری بەشی زمان و وێژەی زمانی کوردیی زانکۆی کوردستانە.

**پیتی (ۆ):** پیتێکی بزوێنە و لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەکاندا دەنووسرێت.

بۆ نموونە:

گۆڤار، شاهۆ، کۆڵان، مرۆڤ، کۆماری

هۆزان و سۆما پۆلی شەشەمی سەرەتایین.

# وانەی سێ: پیتە بزوێنەکانی (و) - (ی)

دوو پیتی (و) و (ی) هەم لە بەشی بزوێندا هەن و هەم نەبزوێن.

کاتێک کە ئەم دوو پیتە لە پیتی یەکەم یان سێیەمی بەشێک(بڕگەیەک) یان وشەیەک بن، ئەم دوو پیتە نەبزوێنن.

کاتێک کە ئەم دوو پیتە لە پیتی دووەمی بەشێک(بڕگەیەک) یان وشەیەک بن ئەم دوو پیتە بزوێنن.

نموونە بۆ (و)ی نەبزوێن:

وریا(ور/یا): پیتی (و) لە پیتی یەکەم بەشی یەکەمدایە، کەواتە پیتی (و)، پیتێکی نەبزوێنە.

دەستاوبرد(دەس/تاو/برد): پیتی (و) لە پیتی سێیەمی بەشی دووەمدایە، کەواتە پیتی (و)، پیتێکی نەبزوێنە.

نموونە بۆ (و)ی بزوێن:

کورد(کورد): پیتی (و) لە پیتی دووەمی ئەو وشەدایە، کەواتە پیتێکی بزوێنە.

قوروە(قور/وە): پیتی (و) لە پیتی دووەمی بەشی یەکەمدایە، کەواتە پیتێکی بزوێنە. پیتی (و)ی دووەمیشیان پیتێکی نەبزوێنە لەبەر ئەوەی لە پیتی یەکەمی بەشی دووەمدایە.

نموونە بۆ (ی)ی نەبزوێن:

سەیوان(سەی/وان): پیتی (ی) لە پیتی سێیەمی بەشی یەکەمدایە، کەواتە پیتێکی نەبزوێنە.

کامیاران(کام/یا/ران): پیتی (ی) لە پیتی یەکەمی بەشی دووەمدایە، کەواتە پیتێکی نەبزوێنە.

نموونە بۆ (ی)ی بزوێن:

ماردین(مار/دین): پیتی (ی) لە پیتی دووەمی بەشی دووەمدایە، کەواتە پیتێکی بزوێنە.

مەریوان(مە/ری/وان): پیتی (ی) لە پیتی دووەمی بەشی دووەمدایە، کەواتە پیتێکی بزوێنە.

وشەی کوردی

# وانەی چوار: پیتە بزوێنەکانی (١) - (وو) و دەنگی بزرۆکە

## پیتی بزوێنی (ا):

لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا ئەم پیتە لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەکاندا دەنووسرێت و ئەمیش هەروەک بزوێنەکانی تر، هیچکات لە سەرەتای وشە یان بەشدا نانووسرێت.

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە:

ئاڵا - ڕانیە - ڕۆژاوا - ئامانج

مامۆستا عەلی مەردان لە شاری کەرکووک لەدایک بووە.

## پیتی بزوێنی (وو):

هەر کاتێک پیتی بزوێنی (و)، لە خوێندنەوەدا بە شێوەی کێشراوە بێژە کرا، ئەم پیتە بە شێوەی پیتی بزوێنی جووت واو (وو) دەنووسرێت. بزوێنی جووت واو (وو) هەر وەکوو پیتە بزوێنەکانی تر لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەکاندا دەنووسرێت.

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە:

سوور - دوو - ڕووبار - باکوور

دەردی دووری، دەردی دووری کوشتمی/دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی (مامۆستا هێمن)

تێبینی: زۆر جار بەهەڵە دوو پیتی بزوێنی (وو) و (و) بەپێچەوانە لە جێگای یەکتردا دەنووسرێن. بەڵام دەبێ هەڵە نەکرێت لەبەر ئەوەی هەم لە ڕوانگەی واتایی، واتای وشەکە دەگۆڕدرێت و هەم لە ڕوانگەی ڕێنووسیدا هەڵە دەبێت.

سەرنج بدەن بەو دوو ڕستەی خوارەوە:

شاهۆ پشتی زۆر دێشێت و پشتی (کووڕ) بووەتەوە.

شاهۆ پشتی زۆر دێشێت و پشتی (کوڕ) بووەتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە واتای وشەکان، وشەی (کووڕ) واتە "پشتچەماو"، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا وشەی (کوڕ) واتە "ڕۆڵەی نێرینە". کەواتە دەبێ بەوردی سەرنج بدەینە وشەکان هەتا هەڵەی تێدا نەکەین.

## دەنگی بزوێنی بزرۆکە:

بزرۆکە دەنگێکی بزوێنی کورتی نادیارە کە لە ڕێنووسی کوردیدا بە شێوەی ئەلفبێی ئارامی، هیچ پیتێکی بۆ تەرخان نەکراوە، واتە نانووسرێت بەڵام دێتە بێژەکردن.

### دۆخی دەنگی بزوێنی بزرۆکە لەناو وشەکاندا بە سێ شێوازە:

١- هەر وشەیەک کە بە دوو پیتی نەبزوێنەوە دەستی پێ کرد بزوێنێ بزرۆکەی هەیە، وەکوو:

پرد - من - قڕ - شڕ

وشەی پرد☜یەک بەشە

پ☜نەبزوێن

بزرۆکە☜بزوێن

ر☜نەبزوێن

د☜نەبزوێن

٢- لە کۆتاییی وشەیەکدا ئەگەر دوو پیتی نەبزوێن دوابەدوای یەک هاتن بە دوو شێوازە، یان بزرۆکەی هەیە یان نییەتی، وەکوو:

ئەم چوار وشەیە بزرۆکەیان هەیە:

خستن - دوژمن - بنبڕ - بەرکەوتن

وشەی خستن(خس/تن)☜دوو بەشە

خ☜نەبزوێن

بزرۆکە☜بزوێن

س☜نەبزوێن

ت☜نەبزوێن

بزۆرکە☜بزوێن

ن☜نەبزوێن

وشەی کوردی

ئەم چوار وشەیە بزرۆکەیان نییە:

کورد - کورت - گورگ - بەرگ

وشەی کورت☜یەک بەشە

ک☜نەبزوێن

و☜بزوێن

ر☜نەبزوێن

ت☜نەبزوێن

٣- ئەگەر لە ناوەڕاستی وشە، لە دوو بڕگەی جیاوازدا دوو پیتی نەبزوێن دوابەدوای یەک بێن، لەبەر ئەوەی کە لە دوو بڕگەی جیاوازدان، بزرۆکەیان لە نێواندا نایەت. وەکوو:

کرتە - پژدەر - مسگەر - بڕیار

وشەی کرتە(کر/تە)☜دوو بەشە

ک☜نەبزوێن

بزرۆکە☜بزوێن

ر☜نەبزوێن

لێرەدا کە مەبەستی ئێمە نێوان دوو پیتی نەبزوێنی (ر و ت)یە کە بزوێنی بزرۆکەی نییە.

ت☜نەبزوێن

ە☜بزوێن

وشەی کوردی

# وانەی پێنج: پیتە تایبەتەکانی زمانی کوردی

وانەی پێنجەم سەبارەت بە پیتە تایبەتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردییە ( ئ، ڕ، ڤ، ڵ ).

## پیتی نەبزوێنی (ئ):

ئەم پیتە لە سەرەتای وشەکاندا دەنووسرێت.بەدگمەن لە ناوەڕاستی وشەکاندا دەنووسرێت.

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە:

ئاوات - ئاور - ئەسپ - ئاکرێ

وشەی (ڕۆژ) لەگەڵ وشەیەک کە بە (ئ) دەستی پێ کردووە ، وەکوو (ئاوا)، پێکەوە کۆ دەبنەوە و وشەیەکی نوێ پێک دەهێنن کە واتایەکی نوێتری هەیە. لێرەدا پێویست ناکات (ئ) بمێنێتەوە و دەتوانین بیقرتێنین و هەر بۆیە باشترە بنووسین: (ڕۆژاوا).

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە:

ڕۆژئاوا❌ ڕۆژاوا✅

ماڵئاوا❌ ماڵاوا✅

کوڵئاو❌ کوڵاو✅

سکئێشە❌ سکێشە✅

تێبینی: لە وشەیەک وەکوو (قورئان) ناتوانین هەمزە بقرتێنین لەبەر ئەوەی واتای وشەکەی دەگۆڕدرێت.

قورئان✅ قوران❌

## پیتی نەبزوێنی (ڕ):

لە زمانی کوردیدا بەهۆی شێوازی جیاوازی دەربڕینی پیتی (ر ) لە وشەکاندا دوو پیتی جیاوازی («ر»ێی لەڕ ) و ( «ڕ»ێی قەڵەو ) بەکار دێت. بۆ جیاکردنەوەیان لە یەک، لە پیتی (ڕ)ێی قەڵەودا هێمای (ٚ) - (بەم جۆرە) (ڕ ) - لە ژێرەوەی دادەنرێت.

پیتی (ڕ ) لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی وشەکاندا دەنووسرێت. هەر وشەیەک کە لە زمانی کوردی بە (ر )وە دەستی پێ کرد دەبێ (ڕ )ێی قەڵەوی بۆ بنووسرێت.

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە:

ڕامیار - ڕاوێژ - بڕین - گەوڕ

## پیتی نەبزوێنی (ڤ):

پیتی نەبزوێنی (ڤ) لەدوای دوو پیتی (ێ) و (ڕ) سێیەمین پیتی تایبەت بە ئەلفبێی زمانی کوردییە. ئەم پیتە لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی وشەکاندا دەنووسرێت.

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە:

ڤیان - تاڤگە - مرۆڤ - دلۆڤان

## پیتی نەبزوێنی (ڵ):

لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا هاوشێوەی دوو پیتی (ر ) و (ڕ )، دوو دەنگی جیاوازی تر کە بە پیتەکانی ( «ل»ێی لەڕ ) و ( «ڵ»ێی قەڵەو ) دەناسرێن، هەن. بۆ جیاکردنەوەیان لە یەک، لە پیتی (ڵ)ێی قەڵەودا هێمای ( ٚ) - (بەم جۆرە) (ڵ) - لە سەرەوەی دادەنرێت. پیتی (ڵ)ێی قەڵەو هیچکات لە سەرەتای وشەکانەوە نانووسرێت بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەکاندا دەنووسرێت .

سەرنج بدەن بە نموونەکانی خوارەوە:

لاڵ - دۆڵ - خەڵات – شەماڵ

# وانەی شەش: بەسەریەکەوەنووسین و جودانووسینی وشەکان

بابەتی بەسەریەکەوەنووسین و جودانووسینی وشەکان بابەتێکی گرینگی زمانی کوردییە. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ئەم بابەتە پێویستە شرۆڤەی وشە جۆراوجۆرەکان بکەین:

١-وشەی سادە:

وشەیەکە لە یەک بەشی سەربەخۆ دروست بووە؛ واتە بەتەنیایی و بێ یارمەتیی وشەیەکی تر واتای تەواو و تایبەت بە خۆی هەیە. واتای تەواو لەم ڕوانگەوە کە یارمەتیی وشەیەکی تری بۆ واتاداربوون پێویست نەبێت.

جوان - هەژار - دەست

٢-وشەی لێکدراو:

وشەیەکە کە لە دوو بەشی واتادار پێک هاتووە. زۆر جار وشەی لێکدراو بە یارمەتیی بەشێکی بێواتا و دوو بەشی واتادار پێک دێت.

سەربەخۆ - دڵخۆش - دەشتوبەر

٣-وشەی دارێژراو:

وشەیەکە لە یەک بەشی سادەی واتادار و یەک یا دوو بەشی بێواتا پێک هاتووە.

خوێندکار - نیگارکێش

هەر وشەیەک کە واتای سەربەخۆی هەیە دەبێ **جودا** بنووسرێت و وشەیەک کە خاوەنی واتای سەربەخۆ دەبێ بە پتربوون بە وشەیەکی دیکەوە خاوەن واتا ببێت.

دەبێ بۆ بەسەریەکەوەنووسین و جودانووسینی وشەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

●وشەگەلی سادە لە ڕستەدا جودا دەنووسرێن، وەکوو:

هێدی پێنووسەکەی بە هۆزان دا.

پەنا پەڕتووکی کوردیی کڕی.

ڕزگار کاری کرد.

●وشەگەلی لێکدراو کە لە دوو بەشی سەربەخۆ پێک هاتوون و لەدوای تێکەڵبوونیان واتایەکی نوێیان بەدی هێناوە، دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێن، وەکوو:

ڕێ + بەندان = ڕێبەندان

گوێ + گر = گوێگر

جل + شۆر = جلشۆر

●پێشگر، نێوانگر و پاشگر بە وشەوە دەلکێن، وەکوو:

جلوبەرگ - لێدان - متمانەپێکراو - بێکەس

●ئاوەڵناوی باڵا (تر/ترین) بە ناوی پێش خۆیەوە دەلکێت، وەکوو:

جوانتر - باشتر - قووڵتر

تێبینی: ئەگەر پاشگری "تر" بە واتای باشتربوونی شتێک لە شتێکی تر بێت، دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێت. وەکوو:

ئارام لە ئاراس زیرەکترە.

بەڵام ئەگەر پاشگری"تر" بە واتای (دیکە-دی) بێت دەبێت جودا بنووسرێت:

جارێکی تر - شارێکی تر - خەڵاتێکی تر

●پیتی "و"ی لێکدەر ئەگەر تەنیا ئەرکی پەیوەندیی نێوان دوو وشەی هەبێت بە وشەی پێش خۆیەوە نالکێت، وەکوو:

بانە و سلێمانی هاوسنوورن.

ئاڵا و ئامانج خوشک و بران.

بەڵام ئەگەر پیتی "و"ی ناوبەند ببێتە هۆی پێکهێنانی واتای نوێ، لە وشەی لێکدراو کە بە یارمەتیی پیتی "و"ی ناوبەند پێک هاتووە، پیتی ناوبەندی "و" بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێت. وەکوو:

زرموکوت - خرینگوهوڕ – هەڵسوکەوت

وشەی کوردی

# وانەی حەوت: چەند خاڵی ڕێنووسی

لەم وانەدا دەمانهەوێت هەندێک خاڵی ڕێنووسی کە یارمەتی دەدات زمانی کوردی بە شێوازێکی دروست بنووسرێت، ئاماژە بکەین.

١-هەر وشەیەکی نامۆ بمانهەوێت بە کوردی بینووسین، دەبێ ڕێنووسی کوردی بە خۆیەوە بگرێت.

بۆ نموونە وشەکانی «مصطفی - موسی» بە کوردی بنووسرێن بەم جۆرە دەگۆڕێن: «مستەفا - مووسا».

٢-لە ئەلفبێی زمانی کوردیدا تەنیا یەک پیت بە شێوازی بێژەکردن و نووسینی پیتەکانی (س)، (ت) و (ز )مان هەیە:

| فارسی و عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| ت، ط | ت |
| ز، ذ، ض، ظ | ز |
| س، ث، ص | س |

٣-هێمای ( ّ ) کە لە ڕێنووسی فارسی و عەرەبیدا لەسەر ئەو پیتانە دادەنرێت کە لە وشەدا بە گیرەوە دەخوێندرێتەوە لە زمانی کوردیدا بوونی نییە و لە جیاتی ( ّ ) لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا ئەو پیتە بە گیرە، دوو جار دەنووسرێت. وەکوو:

امّا : ئەمما

ملّت: میللەت

تێبینی ١: ئەو دوو وشەیە وشەگەلێکی بیانین؛ وشەگەلێکی کوردیش هەن کە بەم شێوازەن.

وەکوو: کوللە، زللە، گوللە.

تێبینی ٢: بەگشتی، سروشتی زمانی کوردی زۆر بەیی لەگەڵ گیرەدا نییە و لە کوردیدا کەمتر وشەی گیرەدارمان هەیە. تەنانەت زۆربەی ئەو وشە عەرەبییانەی خاوەنی دەنگێکی گیرەدارن، کاتێک هاتوونەتە ناو زمانەکەی ئێمە، بەپێی سروشتی زمانی کوردی بێژەکەیان گۆڕدراوە و گیرەیان نەماوە. واتە ئەو دەنگە گیرەدارە لە کوردیدا بەبێ گیرە و بە یەک دەنگ بێژە دەکرێت. وەکوو:

نقّاشی: نەقاشی　　　　خیّاط : خەیات

وشەی کوردی

٤-بەم هێمایە (ڂ) چەڵەمە دەوترێت و لەسەر و ژێری چوار پیتی (ڕ-ڵ-ۆ-ێ) دادەنرێت. ئەم هێمایە دەبێ لە جێگای دروستدا دابنرێت ئەگینا واتای وشە دەگۆڕدرێت.

٥-ئامرازی " دا " ئەگەر کردار بێت نالکێت بەڵام ئەگەر پێشگر یان پاشبەند بێت دەلکێت.

کاوە لە شاهۆی دا.

هەژار لەماڵدایە.

لە ڕستەی یەکەمدا (دا) کرداری ڕستەکەمانە و دەبێت بەجیا بنووسرێت.

●ئەگەر پێشگر بوو بەسەریەوەکەوە دەنووسرێت:

داهێنان، دانووستاندن، داکەوتن، دامەزراندن، داکەوتن

●ئەگەر پاشبەند بوو بەسەریەکەوە دەنووسرێت:

لە زمانی کوردیدا وشەی ڕەسەنمان زۆرە.

لە گۆڤارێکدا بابەتی زانستی و مێژوویی دەخوێندەوە.

# وانەی هەشت: خاڵبەندی

وانەی هەشتەم کە وانەی کۆتاییە، سەبارەت بە نیشانەکانی ناو ڕستەیە.

١-نیشانەی خاڵ (.):

لە کۆتایی هەر ڕستەیەکدا بە واتای تەواوبوونی ڕستەکە، خاڵێک دادەنرێت.

وەکوو: کەرکووک شارێکی باشووری کوردستانە.

٢-نیشانەی پرسیار (؟):

لە کۆتایی ڕستە پرسیارییەکاندا ئەم نیشانەیە دادەنرێت.

وەکوو: هەژار تەمەنی چەند ساڵە؟

٣-نیشانەی سەرسووڕمان (!):

لە کۆتایی ئەو ڕستانەدا کە دەبنە هۆی سەرسووڕمان، پێداگری، مخابن و شۆخیپێکردن ئەم نیشانەیە دادەنرێت.

وەکوو: دارستانەکانی زاگرۆس زۆر جۆانن!

٤- نیشانەی کۆما (،):

ئەم نیشانەیە بە واتای وێستانێکی کاتییە لە ڕستەدا.

وەکوو: هۆزان، ڤیان و بەرزان پۆلی شەشمی سەرەتایین.

٥-نیشانەی دووخاڵ (:):

ئەم نیشانەیە بۆ دیاریکردنی قسەگێڕانەوە یا بەدوای ڕستەیەکدا دێت کە ڕستەی پێش خۆی شی دەکاتەوە.

وەکوو: هێمن دەیوت: «هەولێر شارێکی مێژووییە».

٦-نیشانەی کەوان ( () ):

کاتێک دەمانهەوێت بابەتێک لە ڕستەدا شرۆڤە بکەین کە نەخوێندنەوەی کاریگەرییەک لەسەر ڕستە دروست ناکات، لەناو کەواندا دایدەنێین.

وەکوو: هەنبانەبۆرینە (نووسراوەی مامۆستا هەژاری موکریانی) یەکێک لە گەورەترین وشەدانەکانە.

٧-نیشانەی جووتکەوان («»):

ئەم نیشانەیە کاتێک کەڵکی لێ وەردەگیرێت کە بمانهەوێت وتەی کەسێک لە دەقێکدا بەکار بەرین.

وەکوو: ئەوین بە ڤیانی وت:«فێربوونی زمانی کوردی ئەرکێکی نەتەوایەتییە».

# کۆتایی

وانەی کوردی